

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی لەکتێبخانەکاندا

ئامادەکردنی : یاسین قادر بەرزنجی

تایپ: بەیان عەلی ، بەهرە عیزەدین

نەخشەسازیی: مەهدی ئەحمەد

بەرگ: پەیام ئەحمەد

سەرپەرشتیاری چاپ: ئاشتی دانش

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپ: چاپخانەی کارۆ

ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣١٣) ی ساڵی ٢٠١٢ ی پێدراوە.

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و
بەکارهێنانی لەکتێبخانەکاندا

ئامادەکردنی : یاسین قادر بەرزنجی

تایپ: بەیان عەلی ، بەهرە عیزەدین

نەخشەسازیی: مەهدی ئەحمەد

بەرگ: پەیام ئەحمەد

سەرپەرشتیاری چاپ: ئاشتی دانش

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپ: چاپخانەی کارۆ

ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣١٣) ی ساڵی ٢٠١٢ ی پێدراوە.

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ئینتەرنێت لەجیهانی پەیوەندیی مرۆییدا بەشەشەمین شۆڕش دادەنرێت لەدوای شۆڕشی یەکەم، کەبریتی بووە لەدۆزینەوەی وشەی گوتراو، شۆڕشی دووەم کەداهێنانی نووسین بووەو، سێیەم کە داهێنانی چاپ بووەو، چوارەم کە لەدۆزینەوە ئەلیکترۆنییەکاندا خۆی دیوەتەوەو لەگەڵیدا تەلەفۆنو بروسکەو رادیۆ داهێنراوەو بەدوایدا گواستنەوەی وێنە لەڕێی هێڵە تەلدارەکانی گواستنەوەو نیشاندانی وێنە لەسەر شاشەی سینەماو پاشان دەنگ خستنە سەریانو ئینجا داهێنانی تەلەفزیۆن بۆ نمایشی وێنە جوڵاوەکان بەدەنگەوە بۆ گواستنەوەی رووداوەکان لەکاتی خۆیاندا. شۆڕشی پێنجەمیش مانگە دەستکردەکانەو کەناڵە ئاسمانییەکان توانیویانە رەهەندێکی تر دابهێنن کەبەشداربێت لەجیهانێکی مەعریفەداو سڕینەوەی هەردوو رەگەزی کاتو شوێن.

ئینتەرنێت کەشەشەمین شۆڕشە، نوێترین تەکنیکە کە دوا دەیەی سەدەی بیستەم بەخۆیەوەی دیوە، وەکو ئینسایکلۆپیدیایەکی زانستی والآیە کە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بەسەرجەم سوودمەندەکانو لەهەموو کایەو بوارەکاندا پێشکەش دەکات، وەك بوارەکانی توێژینەوەی زانستیو بوارەکانی

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

کار لەهەموو لایەنەکانەوەو، بواره حکومییەکان بەهەموو ویّنەکانیەوە.

ئەم تۆڕە گۆی زەویی کردووەتە یەک بازاڕ لەشیّوەیەکی نوێو پێشکەوتوودا، لەئێستادا هیچ شتێك نەبووەتە مایەی لێکدانەوەی خەڵکی وەك ئینتەرنێت، ئایا بۆ مرۆڤ سوودبەخشە یان زیانی پێدەگەێنێت؟

ئینتەرنێت وەك تۆڕێکی نێودەوڵەتیی سوود بە مرۆڤ دەگەیەنێتو لە پەیوەندییەکی خێرادا زانیارییەکان دەستدەکەون.

لەتوانای هەر خوێندکارێکی زانکۆ، یان هەر توێژەرێکدایە زانیاریی چنگ بکەوێت بێ ئەوەی گەشتی دوور بکات، یان لەنێوان کتێبخانە جیاوازەکاندا هاتوچۆ بکات.

ئەم تۆڕە نێودەوڵەتییە توانیویە قۆرخکردنی زانیاریو هەواڵەکان لەلایەن دەسەڵاتە فەرمییەکانی وڵاتانەوە، کە سانسۆر دەخەنە سەربڵاوکردنەوە، نەهێڵێتو ئەو پرەنسیبە هەڵتەکێنێت کە دەیانەوێت دیدی خۆیان یان بۆچوونی سیاسییان بەسەر هاووڵاتیانیاندا بسەپێنن.

لێرەوە دەڵێین، ئینتەرنێت بووەتە گرنگترین سەرچاوەی ئازادو دەوڵەمەندی هەواڵو زانیاریو پرۆگرامەکانی رۆشنبیرکردنو هۆشیاریی، بەتایبەت لەم کاتەدا کە ئێمە لەجیهانێکی پڕ لە گۆڕانکاریدا دەژین، جیهانێکی جیاواز لە رابردوو، جیهانێك پڕاوپڕ لە تەکنەلۆجیا کەوا بەرەو ئاڕاستەی گروپگەرایی زانیارییەکان

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

دەڕوات، هــەروەها بــەرەو تۆڕەکــانی پەیوەنــدیی بــۆ مــاوەی
درێژخایەن لەسەر رووی زەوییە.



Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library